www.kurdistannet.org
12/05/2003 18:32

# ئاییندەی عێراق لە ژێر رەحمەتی هزری عەشیرەتدا!

ڕێبوار کەریم وەلی

عەشیرەت و پێکهاتەی ئەو سیستەمەی کە ئەمرۆکە لە عێراقدا پتر لە جاران خەریکە دەژییێندرێتەوە, بریتییە لە دابەشکردنی کۆمەڵگا بەسەر چەند یەکەیەکی سیاسی و کلتوریی هاودەست و پاسیڤ کە بەئاسانی بخرێنە ژێر کەنترۆڵەوە. مارتین ڤان بروئین سێن, لە کۆمەڵناسیی میللەتی کورد(ئاغا , شێخ و دەوڵەت) هێندە لەو بارەیەوە دواوە و ئەوەندەش بە جوانی لایەنە مێژوویی و رەهەندە سیاسی و کۆمەلآیەتی و ئابورییەکانی روون کردۆتەوە کە پێویست بەوە ناکات من بێم قسەکانی بجومەوە. بەلآم خالێ گرنگ ئەوەیە کە کۆمەڵگای عێراقی و کوردی و تەنانەت بیرکردنەوەی ئەمریکاش لەبواری پەیوەندی لەگەڵ عەشیرەتدا دوای تێبەڕبوونی دەیانساڵ لەدامەزراندنی عێراقەوە, بەهەمان ئەو رێرەوەدا دەچێتەوە کە پێشتر ئینگلیزەکان گرتیانەبەر. لەو کاتەدا(لەسەرەتای ۱۹۱۹ ودوای دەسبەسەراگرتنی عێراق)هێڵی گشتی لە سیاسەتی بەریتانیا لە هەمبەر کۆمەڵی عێراقی ئەوەبووە کە لەسەرەتادا کاری ئەوان ئەوە نییە ماف بە کەسانێك ببەخشن کە بێبەش بوونە لێی , بگرە پاراستنی مافی ئەوانەیە کە خاوەنی بوونە. بە واتایەکی دیکە کەمکردنەوە لە مافەکانی کەس لە بەرنامەی کاردا نەبووە. ئەوەی ئەمڕۆش روو دەدات بە هەمان ئاراستەیە و تەنانەت ئینتیمای تاکەکانی کورد پتر لەوەی بۆ نەتەوە بێت بۆ عەشیرەتە. نمونەی ئەوانەی جگە لەوەی سەرکردایەتیی سیاسی کورد و ئەمریکیەکان ئەم سەرۆك عەشیرەتانە بە هەند وەردەگرن و حیسابیان بۆ دەکەن, خەڵکانی رابردوو پیس و تاوانباری نێو سیستەمی بەعس بەناوی عەشیرەت و عەشیرەتبازییەوە داڵدە دەدرێن و کەس ناوێرێ دەستیان بۆ بەرێت. ئەوە نەك تەنها لە ناو ئێمەدا , بگرە ئەمریکییەکانیش بەهەمان شێوە حیسابێکی گەورەیان لەسەر ئەم کەسایەتییانە کردۆتەوە کە تادوێنێ ئالقە لە گوێی سەدام بوونە و ئەمرۆکە لەبەرامبەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان سەرسپاردەیی خۆیان بۆ ئەمریکیەکان رادەگەیەنن و بەهەمان شێوەی جاران درێژە بە هەیبەت و دەستڕۆیشتوویی خۆیان دەدەن. خەڵکانێکی نەخوێندەوار و جاهیل بە ناوی سەرۆکی عەشیرەتەوە و مافی نوێنەرایەتی کردنیان پێدەدرێت کە هەردەم ئامادەنە بە فیتی لایەنێك و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ولآتیان بە جوملە حەراج بکەن. رەنگیێ خەڵکانێك ئێستا بلێن ئەوە کردەوەیەکی کاتییە و تاماوەیەك دەخایەنێ و, لە پێناو ئەوەدایە کە سەقامگیری لە رێی ئەوانەوە بێتەدی. ئەومە ئەگەر واش بێت بیرۆکەیەکی هەڵەیە , ئەو ئیعتیبارەی کە ئەمرۆ لەو بارووۆخەدا بۆ سەرۆك عەشیرەتێکی جاهیل و خۆفرۆش دەگەرێندرێتەوە, (لەکاتێکدا کە سەدام بە هەموو پۆخڵەواتییەوە لە مەیداندا نەماوە و, دوور نییە لە لایەن یەکێك لە سەرۆك عەشیرەتانەو بپارێزرێ) لە کاتی نیشتنەوەی مەددی شۆڕشگێڕی و ئاسایی بوونەوەی بارودۆخ دە قات و سەد قات دەبێ. ئەو کاتە پیاو نییە پێیان بلێ پشتی چاوتان برۆیە و بە دڵنیاییەوە ئەو شەرعییەتەی لەم قۆناغەدا بەدەستی دێنن نەك بۆ ماوەیەك, بگرە تا دەیانساڵی دیکەش بر دەکات. من هر لە ئێستاوەرا سەبارەت بە ئاییندەی دیمۆکراسی لە عێراقدا رەشبینم و قەت پێموانییە هزری لیبرالیزم و دیمۆکراسی زەفەر بەو عەگال و مەندیلانە بەرێت کە(نوێنەرانی!) داهاتووی گەلێ عێراق لەسەریان ناون و بەدیشداشە و عەباوە لە نێو کۆریدۆرە فێنکەکانی پەرلەمان لە بەغدادا خۆیان بادەدەن. ئەگەر ئەوە ریۆشوێنی ئەمریکا بێت بۆ دامەزراندنی سیستەمی دیمۆکرات و مەدەنی لە عێراقدا, خەیاڵیان خاوە. چونکە وەك چۆن بۆ سەرکەوتن بەسەر سپای عێراقدا دەبوایە ژێرخانی ئەو سپایە لە نێو ببردرێت و لێك هەڵبوەشێ, بۆ رێگە خۆشکردن لەبەردەم پرۆسێسی دیمۆکراسی دەبێ ئەم سیستەمی عەشیرەتەش هەڵتەکێندرێت کە دوا پاشماوەی گرنگی دیکتاتۆرییەتە لە عێراقدا و, رژێمی پێشوو لە رێی ئەوانەوە ئەو بەزمەی بە میللەتە کرد. خودی نیزامی ناوخۆیی عەشیرەت فڕی بەسەر

مەدەنییەتەوە نییە و دەستەلاّتی عەشیرەتیش لە ناوخۆیەوە هەلّدەقولّیّ, کەواتا چۆن دەکریّ بە میّشکانە عیّراق بکریّ بە دیّمۆکرات!؟

ئەمڕۆ هەریەك لەو سەرۆك عەشیرەتانە خواخوایانە مەلیك و ئەمیریّکی عارەب پەیوەندییان پیّوە بکات و بە چەند دەفتەرە دۆلاریّك لە خشتەیان بەریّت. بە دلّنیاییەوە دەتوانم بلّیّم لەمڕۆی عیّراقدا یەك سەرۆك عەشیرەت نەماوە کە بەجۆریّك لە گەلّ ولاّتانی عارەبی دەورروپشتی عیّراق لە پەیوەندیدا نەبیّ و, لە ریّگەی ئەم جاهیلانەوە خەریکی پیادەکردنی ئەو نەخشەو پیلانانەن کە بۆ داهاتووی عیّراق لە بەر دەستیان دایە. بەلاّم داخی گەورە ئەوەیە کە وەك لە پیّشتریش باسم کرد ئەوانە هەر قەدری جارانیان دەگیریّ و سەرکردایەتیی سیاسیی کورد و ئەمریکا لە جیاتی ئەوەی بە بنکۆلّکردنی ئەو نیزامەوە خەریك بن, حیساب بۆ قسەیان دەکەن و شەرعییەتیان پیّدەبەخشن. بەهیّزبوونی سیستەمی عەشیرەت لەورووەوە مەترسیدارە کە کوردیش بە شیّکە لەو سیستەمە و لە شیّوە ئەنتیگریسیۆنیّك کار دەکات. بەهەمان ئەندازە کە حیساب بۆ سەرۆك هۆزیّکی پیّپەتیی عارەب دەکریّو بە هەمان شیّوەش سەرۆك عەشیرەتیّکی جاشی جاران حیسابی بۆ دەکریّتەوە. کەواتا وەك فارس دەلّیّن: هەمان ئاش و هەمان کاسە!

Rebwar2001@yahoo.com

تیّبینی کوردستان نیّت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نیّت لەناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.